
## جەلال ئەحمەد گۆپتە پەی شەهیدان :

# جامعەی عەرەبی بۆتەنیا جارێکو بۆ دەقیقەیەك باسی ئەم تاوانەی نەکرد

دیداری هێمن عەبدوڵا



دانیشتووی گوندی گۆپتەی شەهیدان لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ە دەمەو عەسرێك پێکەوە دانیشتین و بەوردەکارییەکی زۆرەوە بەڵام بەخەمێکی گەورەوە تاوانی کیمیابارانکردن وئەنفالی گوندەکەیان و ناوچەکەیانی بۆ گیراینەوە، جەلال پاشئەوەی هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا بەم شێوەیە دەستی بەقسەکرد:

ئەنفالی ناوچەکەی ئێمە دوای ئەنفالی یەكو دووو سێی دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ و گەرمیان بوو، ئێمە کەوتینە ناو پرۆسەی ئەنفالی چوارەمەوە، لەبەرواری ٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ گوندەکەی ئێمە گۆپتەپە کەوتە بەرپەلاماری کیمیاوی لەرێگەی دوو پۆل فرۆکەی سیخۆوە، ئەوەش یەکەمین دەستپێکردنی ئەنفالی چواربوو، رژێمی بەعس کە بەچەکی کیمیاوی لەهەردوو گوندی عەسکەرو گۆپتەپەیدا بۆ ئەوەبوو خەڵکی ناوچەکە چاوترسێن ببن و ئاسانتر خۆیان بەدەستەوە بدەن. واتا لێدانی ئەو دوو گوندە هەم لەبەرئەوە بوو قەرەبالغتربوون و بەرچاوتربوون، هەم لەبەرئەوەش بوو حکومەت دەمێك بوو لێوی لێدەکرۆشتن. لەرووی جوگرافیەوە گوندێکی گەورەبوو.

کە بۆمبارانەکە زۆر بەپلان کرا، فڕۆکەکان گوندەکەیان کردبووە دووبەشەوە بۆئەوەی ئاڕاستەی با بتوانێ کاری خۆی بکات و کاریگەری کیمیاویەکە بتوانێ خەلکی زیاتر بکوژێ بەڕاستی ئامانجیشی پێکا چونکە ئاڕاستەی با لە رۆژهەڵاتەوە رووەو رۆژئاوا لەجوڵەدابوو، هەربۆیە زۆربەی ئەوکەسانەی لەم گوندەدا بەگازی کیمیاوی شەهیدبوون ئەکەسانەبوون کە کەوتبونە بەشی رۆژهەڵاتی گوندەکەوەو لەوێ شەهیدبوون، دیارە بینی ئەو تاوانە تەواو نابێت، هەرگیز کەس ناتوانێ وەکوخۆی بیگێڕێتەوە، گەڕانەوە بۆناو دیمەنەکانی ئەو تاوانە مەحاڵە بتوانین وێنەیەکی تەواوی بۆ بکێشین.

**سەبارەت بەژمارەی قوربانیەکانی ئەم گوندە هیچ ئامارێکی دەقیق هەیە..؟**

ئامار هەیە بەڵام هەرگیز دەقیق نیە، ئامارەکە ٢٥٠ شەهید باس دەکات، بێجگەلەوانەی بەرپەلاماری ئەنفال کەوتوون، ئەوانەی کە ئێستا ناشتوامانەوە ١٠٦ شەهیدە ئەوانەش لەوکەسانەبوون کە لێرەولەوێ هەرلەشوێنی خۆیان خۆلیان بەسەرداکرابوو، چونکە رەنگە بریندارمان هەبووبێ رایکردبێ بۆدەمزێ و لەوێ ئاوبردبێتی یان بەرەو ئەو چۆلەوانیە رۆیشتبێ و تەرمەکەی کەوتبێتەلاشێوێکەوەو باران و لافاو بەسەریدا رۆیشتبێ و ونی کردبێ،

نەدۆزرابێتەوە، برینداربوویی و ئەنفالکرابیّ لەبەرئەوە زەحمەتە بتوانین ژمارەی تەواوی ئەو کەسانەی لێرە شەهیدبوون بزانریّ چونکە گۆپتەپە خەڵکی تریشی تێدا دەژیا. پاشان خۆ ئێمە فریای ناشتن و سەرژمێری نەکەوتین هەتا بزانین کیّ ماوەو کیّ شەهیدبووە، بەیانی زوو پەلاماری ئەنفال گەیشتەسەرمان، واتە رۆژی ١٩٨٨/٥/٤ هێرشی زەمینی جاش و جەیش گەیشتەسەرمان.

**پێش روخانی رژێمی بەعس خەڵکانێك هەبوون، چاوەڕاونی ئەوەیان دەکرد ئەنفالکراوەکانیان منداڵەکانیان رۆژێك بێت بگەرێنەوە بەلام، نەیاندەزانی تەرمەکانیان هەرلەگوندەکەی خۆیاندایە...؟**

بە دڵنیاییەوە وابوو، من بۆخۆم تاروخانی رژێمیش هەرچاوەڕوانی ئەوەبووم کە رۆژێك دێت کەسوکارەکەم دێنەوە، بەلام هەرگیز وانەبوو، رژێمێك ئەوەندە زاڵم بوو منداڵی کۆرپەی ٤مانگ و ١٢ ساڵ و پیروپەککەوتەو گەنجی هەمووی بەژێر خۆڵەوە کردبوو، قسەکەی تۆ ڕاستە رەنگە ئێستا لەبن ئەم خانووەی ئێمە کەلێی دانیشتووین تەرمی شەهیدهەبیّ و وابزانین ئەنفالەو تەرمەکەی لەبیابانە، ئەگەر پشکنینی وردی بۆبکرێت ئێستاش بڕوام وایە کەتەرمی زۆری تێدایە، چونکە لەدوای ئاوەدانکردنەوەی گۆپتەپەن چەندین جار لەکاتی خانوودروستکردنەوەدا تەرممان دۆزیوەتەوە، لەحەوزی مزگەوتەکەدا تەرمی ٩ هاولاتی ئەم گوندەمان دۆزییەوە، من بۆخۆم تا ئێستا تەرمی ٦ قوربانی ئەوتاوانەم دۆزیوەتەوە، ئەوانەی پێشتر لە حەوزی لەمزگەوتەکە دۆزرانەوە٩ کەس بوون، دوای ٦ ساڵ من سیّ تەرمی ترم دۆزییەوە کە بەهەمووی بە ١١ تەرمی دۆزراوە لەو حەوزەدا، ئەوانە چووبوون لەحەزی مزگەوت خۆیان لەکیمیاوی بپارێزن بەلام بۆیان بوو بە گۆرستانن بۆیە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە، بە وردی بزانین چەند کەس لەم گوندەدا شەهید بووەو چەندی ئەنفالکراوەو چەندی لەبن داروپەردوی گۆپتەپە ماوەو چەندی براون لەبیابان کوژرراون و چەندیش لێرەولەوی لەدەمزیّ و ئاوبردونی یان لە شیودۆڵدا بەربرینداری مردون وگۆربزربوون.

بەلام ئەوەی ئێستا ئێمەی نیگەڕانکردووە، ئەوەیە کە دەسەلاتی خۆمان هەموو ساڵێك برینمان دەکولێننەوەو بەناوی یادەوە پێمان دەفرۆشنەوە، کەچی کارناکەن بۆئەوەی تەرمی کەسوکارەکانمان لە بیابانەوە بۆ بهێننەوە، بابێن بەیەکجار ئێسك و روفاتی کەسوکارەکانمان بۆ بهێننەوەو لە گۆرستانێکدا بیانێژنەوە، ئەوکاتە خۆ ئەگەر نەشزانم کامەتەرمی کەسوکارەکەمە خۆ ئاسودە دەبم کە چومە سەر ئەو گۆرستانە چونکە دەزانم ئەوە گۆرستانەکەیانە .

**مەبەستت ئەوەیە یادی ئەنفال نەکرێتەوە؟**

بابکرێتەوە بەلام رۆژێك دبنرێت بۆ یادی سەراسەری نەك هەر رۆژەی لە گوندێك بکرێتەوە رۆژێك دابنێین بۆ یادی کیمیاباران باهەمووومان پێوەی پابەندبین. لەورۆژەدا یادی کیمیابارانی کوردستان بکرێتەوە، نەك رۆژێك هەلەبجەی شەهیدو

رۆژێـــك گۆپتەپـــەو عەســـكەرو رۆژێـــك سێوســـێنانی شـــەهیدو رۆژێـــك بالیســـانی شـــەهیدو رۆژێـــك جێگایـــەكی تـــر. ئەمـــەش خۆی لەخۆیدا تراژیدیایە.

لەگۆپتەپـــە چـــەند مالێـــك هـــەن، هـــەرهیچ كەســـیان دەرنەچـــووە، باســـی ٢٤ مـــال دەكـــەن هـــەرهیچ كەســـیان دەرنەچـــووە، یـــان هەندێك ماڵ هەیە دەڵێن نزیكەی ٦٠

بـــەڵێ نمونـــەی ئاوامـــان زۆرە بۆنمونـــە مـــاڵی حـــاجی حســـێن ١١ ســـەرخێزان بـــوون، ١٠ كەســـیان شـــەهیدبوون یـــەك تاكـــە كەســـیان دەرچـــوو، ئـــەویش مـــرد ئێســـتا كەســـیان نـــەماوە، ئـــەو مالـــە دراوســـێیەی تریشـــمان ١٣ ســـەرخێزان بـــوون یـــەك تاكـــە كەســـیان دەرنەچـــوو، مـــاڵی خۆشمـــان ١١ ســـەرخێزان بـــووین، تـــەنها خـــۆم مـــاوم دایكـــم و باوكیشـــم لـــە نوگرەســـەلمان گەڕانـــەوە ئـــەوانیش هـــەر تۆزێـــك چـــەرمیان پێـــوە مـــابوو. دایكیشـــم مـــرد ئێســـتا بـــەس خـــۆم و بـــاوكم مـــاوین، تاوانێـــك كـــەلێرە كـــراوە زۆر گەورەیـــە مـــن رێـــزم هەیـــە بـــۆ هەلەبجـــەو قوربانیـــەكانی هەلەبجـــە شـــاربوو، بۆیـــە شـــەهیدیان زۆرە، دەنـــا لـــەم گونـــدە ١٥٠٠ كـــەس دەژیـــا، دەنـــا ئەگـــەر زۆرتربوایـــە خـــەلكی زۆرتـــری تێـــدا شەهید دەبوو.

**تـــۆ داوات چـــیە لـــە حكومـــەت و لـــە رێكخراوەكـــانی كۆمەڵگـــەی مـــەدەنی. چ كارێـــك بكـــەن بـــۆ بەجینۆسایدناســـاندنی ئـــەم تاوانە .**

مـــن داوام لـــە رێكخراوەكـــانی نەتەوەیـــەكگرتووەكان، لـــەمافی مرۆڤـــی جیهـــانی، هەقوایـــە ئێســـتا بـــێن قـــەرەبووی ئـــەو بێدەنگیـــەیان بدەنـــەوە، ئایـــا تاكـــەی دنیـــا لەئاســـت ئـــەم تاوانـــە بێدەنگـــە، میللـــەتێك ١٨٢ هـــەزار كەســـی لـــێ بكـــوژرێ ئـــەوە جینۆســـاید نیـــە ئـــەوە قركردنـــی میللـــەتێك نیـــە؟ بۆئەوانـــەی لـــە ئۆردوگـــای زۆرەملـــێ بـــووین كـــەس هـــەبوو، بەتـــەمای ژیـــانی خـــۆی بێـــت..؟ ئیمـــە ئـــەو كاتـــەش چـــاوەروانی مـــەرگ بـــوون، تاكـــەی بێـــدەنگی، داوام لەجامیعـــەی عـــەرەبی هەیـــە، جامعـــەی عـــەرەبی بۆتـــەنیا جارێـــك و بـــۆ دەقیقەیـــەك باســـی ئـــەم تاوانـــەی نـــەكرد، بـــەهیوام جیهـــان لـــەم تاوانـــە بێـــدەنگ نـــەبێ بۆئـــەوەی كەســـوكاری ئـــەنفال هەســـتنەوە یـــەرپێی و درێژە بەژیانی ئاسایی خۆیان بدەن.


**لـــەم گونـــدەدا دەســـتەیەك دروســـت بـــووە، بـــەناوی دەســـتەی ناســـاندن و بوژاندنـــەوەی گۆپتەپـــە، بـــەو هـــەوڵ وتوانا كەمـــەی كـــە خۆیـــان هەیانـــە هەوڵـــدەدەن بـــۆ ناســـاندنی تاوانی كیمیابارانكردنی گۆپتپە؟**

مـــن بـــەش بـــەحاڵی خـــۆم دەســـتیان دەگوشـــم خۆشـــحاڵم پێیـــان، شـــادمانم بـــەو كۆمەڵـــە گەنجـــە رۆشـــنبیرە كـــە هاتوونەتـــە مەیـــدان، ماندونەناســـانەو بـــێ دەســـتگیرۆیی شـــانیان داوەتـــە بـــەر ئـــەو ئەركـــە پـــیرۆزە، هـــەرهیچ نـــەبێ ئاســـودەیمان پێدەبەخشـــن، ئـــەوە مایـــەی دڵخۆشـــی و دەستخۆشـــیە، كـــە هەوڵـــدەدەن بـــۆ ناســـاندنی ئـــەنفال وكیمیابارانی گۆپەتـــەو ناوچـــەی قەڵاســـێوكە، بـــەهیوام گـــوێ بەهەنـــدێك تـــوانج و قســـەنەدەن، بەســـەربەخۆیی كـــاری خۆیـــان بكـــەن چـــونكە هەرچـــۆنێك بێـــت ئـــەو گەنجانـــە گـــەورەترو بەهیمـــەتترن و كەسایەتیشـــیان مـــاقولترە لەوانـــەی كارەكەیان بەهەند ناگرن.

ئەوكاروچـــالاكیانەی كـــە پـــێش دروســـتبوونی ئـــەمان و دوای دروســـت بـــونی ئـــەم دەســـتەیە تاچـــەند دۆســـێی كیمیابـــارانی گۆپتەپـــەو ناســـاندنی چـــووەتە

پێشەوە. چۆن هەست بەجیاوازی دەکەیت.؟

بێگومان هەستی پێدەکەین، چونکە بەپێی واقعی ئێستا جیاوازە لەگەڵ ١٠ساڵی رابوردوو، هەم لەروی راگەیاندن و ناساندنیشەوە، ئەم دەستیە هەنگاوی باشیان ناوە بەوەی لەرێگەی هەندێك راگەیانەوە کەلەسەر ئەم گوندەنوسراوە جێگە دەستیان دیارە هیوادارم بەرەوپێشتریش برۆن.



جەبار خەڵكی گوندی خانە هاوسەرەکەی و منداڵەکانی لە پەلاماری سێی ئەنفالدا گیران و جارێکی تر نەبینرانەوە

## هەستێك بۆ ئەنفالستان

نەوزاد شێردڵ

کاکە – عومەر – ی ئازیز، سڵاولەخۆت و،حەرف حەرفی گۆڤارەکەت – گۆڤارەکەمان – .. (( ئەنفالستان )) ی ، – زام ووتە – بێژی ١٨٢ هەزار شکۆفەی بێ نازو..لەپکەکراو،.. ئای هاوڕێ گیان، ئەگەر– تاعوونە ساریی – ە کەی (( وەسفی بالآی پاشا )) وکیسەڵە دامێنیاهەڵخستنی، هەر لە سەرەتاوە .. ئاوا نەبووایە تەباو، ئەوا ڕۆژمان بەم وەسفە خەفەقانە فەرامۆشەو.. بووحرانی ئینتیمایە نەدەگووزەرا کە، ئاوا باسمان لە – ١٨٢ – هەزار زامی ئەبەد هەتووان نەکراو، چوون باسی (( بمبەخشن – گۆدۆ – سەروەرانی ، ژێرلمی عەرعەر )) ١٨٢ هەزار دۆلاری لە بانك نراو بووایە، .. ئای هاوڕێ گیان ، مەپرسە ڕۆژانە لە ئاست پرسی .. دۆستێکی هێرۆشیمایی .. یا – هۆلۆکۆست – زادەی ئێرە ، چۆن لە شەرمی بێ وەڵامییمدا، ئەبمە قەترەیەك ئاو ، وەڵامی ئەو پرسیارانەی :– (( ئەرێ .. خێرە تا ئێستا ، ئەژنۆی – گۆت – بووی ئەم دۆسێیەی ئێوەی کورد ، هەر نەگەییە دادگای لاهای ؟!! .. بگرە هەر – ٢ – دەقیشی نەگەییە ستۆدیۆیەکی هۆلیوود ؟! ، تەنانەت لاواندنەوەی دایکێکی گەرمیانیشتان .. نەگەییە – بۆلیوود !! ، هەتا کەڵبەی سەگێکی – نوگرە – شتان ، نەبووە گەمە پلاستیکێکی – هۆڵەووین – !! ، پەلە قاژێی مەرگی منالێکی – مەل ئاسا – سەر بڕاوویشتان .. هەر نەکرایە سەمایەکی زۆربا ، ئەرێ بە ڕاست ئەوانە لەئێوە بوون !! .. لە ئێوە چوون ؟! یا کووژراوی نەناسراوی هەسارەیەکی تر ؟! ))